# گرفتەکانی کۆمەڵگا و کەڵتووری کۆمەڵگا

**ئاسۆ حامدی**

گرفتەکانی کۆمەڵگای کوردستان زۆرن، مرۆڤ بە ئاسانی دەتوانێ لە ئاوێنەی ژەنگاویش بیانبینێ، ئەگەر سەیری ئەدەبیات و ڕۆژنامەکان بکەیت، ئەوا نوسەرە کڵچ و کاڵ و ناکامەکانیش پەنجەی بۆڕادەکێشن. دەسەلات و کۆمەڵگا لە دوو چینی جیاواز دەچن. هەروادێ نێوانی نێوان چینە داراکان و نەدارەکان مەزنتر دەبن. دەوڵەت لەم نێوەدا هیچ هەوڵێ بە هاوسەنگی کۆمەڵایەتی نادا. هاوسەنگی کۆمەلایەتی یانی شاندانەبەری دەوڵەت بۆ گرانی و چوونەسەری کالاکان و یاساکانی کار و کۆمەڵایەتی و تەندروستی کۆمەڵگا و پەروەردەوفێرکردن و زامن کردنی بیمە کۆمەلایەتیەکان و مەسەلەی ئەمنی نەتەوەیی..هتد.

من لێرەدا لە مەسەلەیەکی موشەخەس دەست پێ دەکەم ئینجا بۆ گشت دەڕۆم، ئەمەش بە ئاراستەی پێچەوانەی لێکۆلینەوەکانی ڕایجە.

بەنموونە مەسەلەی ئاو و ئینێرژی (کارەبا، نەوت، گاز، بەنزین..هتد) لە کوردستان هەرچەندە کە گرفتێکە بۆتە سەرەتانی بەردەوام لە کۆمەلگا لەسەر ئەم هەموو زۆریەی سەرچاوەکانی ئاو و ئێنرژی لە وولاتدا.

بەنموونە لە وولاتانی پێشکەوتووی پیشەسازیدا وا هەردەم باس لە پاشەکەوتی ئینێرژی دەکرێ و بەدەیان سیاسەت و یاسای بۆ دانراوە و سەدان پەرتووک و باس و خواسی لەسەر دەکرێ و نامەی ماستەر و دکتۆرای زۆر لە قوتابیانە، پاشەکەوتی ووزە یانی پاراستنی سامانی نەتەوەیی و گەشەدان بە تەندروستی هاووڵاتیان و چاککردنی ژیان و گوزەرانی هاووڵاتیان.

زێدەبای کرێکارانی کارگەی نەوتی بابەگوڕگوڕ لە شێل و تەکساکۆ لە لەندەن و ئەمستردام دا کەڵەکە دەبیت. لەلایەکی تر کرێکارانی کارگەی نەوت بۆ داواکاریەکی پیشەیی ئەوا ژیانیان تووشی مجازەفە دەبێت.

ئەمە لەلایەک لەلایەکی تر ڕاستە دامەزراوەکانی ئاو و ئینێرژی بنەمای ئەوتۆیان بۆ دابین نەنراوە تا هەموو کۆمەڵگا لێ ی سوود مەند بێت.

بەلام کە هەر ئاو هات ئیتر گیرانەوەی بۆ نیە تا ئاو دەبرێ، هەر کە کارەبا هاتەوە هەموو گڵۆپەکان دادەگیرسێن تا تەزووی کارەبا دەکوژێتەوە، هەر تەنها بۆ سووڕانەوە لە جادەکان دا پیاسە بە ئۆتۆمۆبیل دەکرێت، هەر بۆ تەقەی خۆشی چەندین کەس دەبنە قوربانی.پاسکیل کێ پاسکیل لێ دەخورێ و شوێنی یان شەقامی تایبەتی هەر لە نەخشەکێشانی شاردا هەر نیە. کەلتووریکی بەڕاستی جوانە و هەر دەلێ لە ئاسمان بۆمان دابەزیوە، بەهەدەر دانی سامانی نەتەوەیی لە هەموولایەکدا بەردەوامی هەیە. ئەم مەسەلەیە زۆر گرنگە بۆ هەستکردنی تاکی کۆمەلگای کوردستان هەست بە خاڵی وەرچەرخانی کەلتوور بکات، لەم نێوەدا تاکی هۆشیار و بەشی پێشڕەوی نێو کۆمەڵگا و بەڕێوەبەرانی دەسەڵاتدار ئەرکی مەزنیان لەسەر شانە بۆ پاراستنی ئایندەو ئێستای سامانی نەتەوەیی.

پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان ئێستا لەم دواییانە زۆر بەزەقی و بە ناڕێکی هەمووی ڕێچکەی ئابووری یان گرتووە. خزم و عەشیرەت و شین و شایی سەرمایە دیاریان دەکات.

گۆڕانی کەلتوور هەروا ئاسان نیە،گۆڕانی کەلتوور پەیوەندی بە گشت کۆمەلگاوە هەیە، هەروەها ئامادەگی کۆمەڵگا بۆ گۆڕانەکان دەبێ پێبگەن و بگەیین. لەم نێوەدا پەیوەندیەکانی هۆیەکانی بەرهەمهێنان لەم سیستەمە دا هێزی سەرەکی دەگێڕن، لەلایەکی تر سەرخانی کۆمەلگا کە فەرهەنگ و ئەدەبیات و هونەر بە هەموو شێوەکانیەوە دەتوانێ گەشە بەم ئالوگۆڕانە بدا وبەهێزی بکات. بەداخەوە

هونەر بە هەموو شێوەکانیەوە نەیتوانیووە ڕۆڵی بەرچاوی خۆی بگێڕێ. لە گشت دا هەر کاسە لێسی دەسەڵات دارانن لە هەموو دەورانەکانیان دا. لەم دواییانە دا هونەری بەرگری لە کۆمەڵگای کوردستاندا وجودی نیە.
کەلتووری کۆمەڵگای کوردستان کەلتوورێکە لە ژێرکاریگەری کۆمەڵگاکانی دەوروبەری گەشەی کردووە، ئەم کەلتوورانە بەرهەمی کەلتووری ناو کۆمەلگایەکی ژێردەستە و دەستەمۆ و ناڕازی دژ بە داگیرکردنە پەیدا بووە.
مێژووی ئەم ناوچەیە پڕە لە داگیرکردن و سەرکوت و بەگری و پاڵەوانیەتی و هەلسان و دژایەتی و کوشتن و بڕین و تاڵان و بڕۆ و هەڵاتن و نەهامەتی و ئەنفال و جارجارەش مل کەچی .....هەر چەند بنووسی کۆتایی نایێ. بە کورتی کۆلتووری کۆمەڵگایەکی ژێردەستە لە نێو مێژووی بەربەرەکانی و مل کەچی ئیمپراتۆرییەتەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەند( عەرەبی و ئیسلامی، فارسی، عوسمانیەکان) و دواتر داگیرکردنە ئیستعماریەکان و شەڕەکانی خەلیج و شەڕەکانی برا کوژی( بەدرێژایی مێژوو) بە فیتی داگیرکەران و بۆ ئەوان چەقبەندی کردووە.هتد.
کەلتووری ئەم کۆمەڵگایانەی دەوروبەری کۆمەڵگای کوردستان لە کەلتووری کورد پێشکەوتووتر نەبوونەو هەر بۆیەش کۆمەڵگای کوردستان نەیتوانیووە لە ئاستی پێویست بێ.
سەرچاوەی ڕۆشەنبیری لە وولاتدا سەرچاوەی نەتەوەکانی باڵادەستن، ئەم سەرچاوانە خۆی لە خۆیدا دژایەتی زۆر لەگەڵ کۆمەڵگای کوردستان هەیە و زۆر دواکەوتوویی لە دەروونی خۆیدا هەیە. چۆن دەتوانێ گەشە بە کۆمەڵگایەکی تر بدات. بەنموونە لە مێژووی هاوچەرخدا هەر لە جەپی رادیکاڵ تا ڕەوتەکانی ئیسلامی توندڕەو لە ژێر کاریگەری کۆمەڵگاکانی دەورووبەردا لە داییک بوون. ڕەنگە نەوەکانی میللەتی کورد بە ناچاری ئەم سەرچاوانەی بۆ خۆیان دیاری کردووە. بەلام لە هەندێ حاڵەتی شازدا کەسایەتی کورد ڕۆڵی تاکی خۆی لە ئاڵوگۆڕی فەرهەنگ و ئەدەبیاتی گەلی تر دیووە بەڵام نەک بە هویەتی کۆمەڵگای خۆی. بەنموونە زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی هەرچەندە کە دەسەڵاتەکان کە زمانی ڕەسمیان بووە ئەوا خوێنەرانی میللەتی کورد هەر بۆ بەدیارخستنی تواناکانیان ئەسپەکانیان لەم نێوەدا تاو داوە. هەر لە شاعیرە کلاسیکیەکان تا دەگاتە کوردەکانی دانیشتووی شاری بەغدا و ئەستەمبۆل و تاران. تاکی کۆمەڵگای کوردەواری نە هاتووە لە دەروونی خۆیەوە نوێکاری بکات و دژی هەموو ئەم بزوتنەوانەی ڕایج لە کۆمەلگا دا حەرەکە بکات. پێم وانیە تاکی کۆمەڵگای کوردی ئەگەر لە ئەستەمبۆڵ و بەغدا و قاهیرە و تاران ژیان بەسەر ببات نە ک لە کویرە گوندێکی هەکاری یان قەراج توانای فکری لە تاکێکی تری کۆمەڵگای دەورووبەری کەمتر بێت. ئەم خۆ بە نزم زانینەی تاکی کۆمەلگای کوردستان سەرەتای پشت بەستنە بە فەرهەنگی کۆمەڵگاکانی دەوروبەر. لە زۆر حاڵەتدا نە ئابووری و نەدەسەڵات و نە هیچ بەلکو بڕوا بە خۆ بوون و شێلگیر بوون لەسەر ئاڵوگۆڕەکان و گرنگی پێدانیان لە هەموویان گرنگترن.
پێچەوانە حەرەکەت کردن لە زۆر حاڵەتی خۆیدا سەرنج ڕاکێشە. ئەم پێچەوانیە لە بزوتنەوە سەرەتایەکە بۆ گۆڕانی کەلتووری کۆمەڵگا. بەنموونە با لە جیاتی گۆرانی ومۆسیقای وولاتانی دەوروبەر مۆسیقای میللەتانی تر بکرێنە سەرچاوەی میلۆدیەکان. ئەم خۆ بەستنەوە بە مقاماتی میللەتانی ناوچەکە با بچێتە ئەرشیف و تەنها کەسانی تایبەت بۆی هەبن. با ڕووی گشتی ڕوو لە مۆدێرن بکات. نەوەی تازە لە گەڕەکێکی شارنشینی گەورەدا چ لە حەیران بگات کە باس لە هەموو جوگرافیای دەشتی هەولیرو سروشت و گژو گیاکانی بهاران دەکات.ئەمە جگە کە لە ڕێپ یان میلۆدی ڕێپ دەچێ.
لە زۆربەی وولاتانی دونیا بەشی هۆشیاری کۆمەلگا هەوڵی گۆڕانی کەلتووری داوە، قوربانی بۆداوە و بۆی هاتۆتە مەیدان. بەنموونە بزوتنەوەیەکی فیمنیستی دەتوانێ کۆتایی بە ڕەشە کوژەی ژنان بێنێ، یان هەوڵی یاساناسان دەتوانێ قەدەغەی دوو ژنە بکات ، یان بزوتنەوەیەکی کرێکاری دەتوانێ یاسای

کاری مناسب لە کۆمەڵگادا بچەسپێنی. یان کۆمەڵە نووسەرێ دەتوانن گەندەلی ئیداری و فەسادی فەرمانبەران ڕسوا بکەن، یان کۆمەڵە نوسەرێ دەتوانن وەرچەرخانێ بە کاریگەری ئەدەبی عەرەبی و فارسی و تورکی بدەن و ئەدەبیاتی گەلانی تریش ببن بە سەرچاوەی ڕۆشەنبیری کۆمەڵگا، یانی ئەم دووریە جوگرافیە دەبێ تێکبشکێنرێ ...هتد.
هەموو ئەمانە بەبێ ئامادەگی تەواوی کۆمەڵگا بۆ ئاڵووگۆر دەبنە ووشەی سەر کاغەز و دواتر ووشک دەبنەوەو لە هزری تاکدا وون دەبن.
کەلتووری تەنانەت سەرکردەکانی سیاسی میللەتی کورد هەمان کەلتووری سەرکردە سەرکووتگەرانی میللەتی کوردە و ووشەکانیان، جل و بەرگ و وەستان و خۆ نیشاندان بە هێز و لە خۆبایی بوون و خۆ بە مەزنتر زانین لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، جا بە هەموو باڵەکانییانەوە .
ئەم جۆرە لە کەلتوور هێندەیتر دواکەوتووی کۆمەڵگادا نیشاندەدات.
بۆ گەشەدانی کۆمەڵگا هەنگاوێ بەرەوپێشەوە بچێ دەبێ قورسایی دین لە کۆمەڵگا هەلبگیرێ و ئایین ببێتە مەسەلەیەکی کەسایەتی تاک. بەنموونە ئەگەر( ئەگەر!!) بانگدان لە کوردستان نەمێنێ و قەدەغە بکرێت، ئەمە مانای ئەوەیە هەر کەسێ ئاینی بێ ئەوە ئەوکاتانەی نویژدەزانێ و ئەجندەی هەیە، چ پێویست بەو بانگدانە ناکات و ساڵانە کارەبا یەکی زۆر سەرف دەکات و دەیان و ئیمکاناتی ماددی زۆری تری دەوێ وەکو ئامیرەکانی دەنگ و سەدان بانگدەر تووشی نەخۆشی گەروو دەبن. ئەمەش هەم زیانی بۆ سامانی نەتەوەیی هەیە وهەم تەندروستی ئەم ئینسانانە دەخاتە مەترسیەوە، وابزانم شتێکم نە ووتووە دژی کەس بێ ، ئەگەر تۆزێ واوەتر بچین لە شارەکانی کوردستان مزگەوتێکی گەلەک زۆر بینانراوە، ئەگەر ئامارێ بکەین لەلام ڕوونە کە شارەکان پێ ویستیان بە مزگەوت یان کڵێسا دروستکردن نیە، جا لە جیاتی بیناسازی ئەم هەموو مزگەوتە جوانانە و کڵێسا با دەوڵەمەندەکان کاری خێرخوازی تر بکەن ، ئەوان هەر لە ترسی باج دان بە دەوڵەت مزگەوت و کلێسا بینا دەکەن با ئەمجارە لە جیاتی مزگەوت وکڵێسا خانوو بۆ پیر و پەککەوتەکان بکەن، یان هەندێ لە بینای مزگەتەکان بکەن بە شوێنی بێ خانەو لانەکان یان بیدەن بە خێزانەکانی کە دەرامەتیان کەمە و کرێ ی خانوویان پێنادرێ. کەلتوور گۆڕین هاتنە مەیدان و کێشمەکێشی دەوێ.
حاجی کەشیدە لەسەر بۆ دیناری دەست بەرداری دینەکەی دەبێ و لە بازاڕ سوێندی بە درۆی بۆ دەخوا.( خۆ ئەمەم لە خۆم نەهێناوە) بەڵام دەست بەرداری تقالیدە رۆتینیەکان نابێ و هەر دیفاعی لێ دەکات و نەوە بەنەوە تەسلیمی یەکتری دەکەن .( ڕەنگە بە مروری زەمەن تەنک دەبێ).
لەلایەکی تر ئەگەر بۆ مەسەلەی سەرەکی بچینەوە ئەوا گرفتی ئاو و ئینێرژی لە لایەنەکی گشتی دا خودی کۆمەڵگای کوردستان و کەلتوورەکەی پەرە بە گرفتەکانی دەدەن لە جیاتی چارەسەری بکەن. ئەمە بەشێکە لە هۆشیاری نەتەوەیی مرۆڤەکانی کوردستان ، بەهەدەر دانی سامانی نەتەوەیی و گرنگی نەدان بە بنەماکانی ئابووری ووڵاتێکی بەرهەمهێن گەورەترین هەل لەدەستدانە بۆ دامەزراندنی ئابووریەکی بەهێزبۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان.
تەنانەت کەلتووری سیاسی پارتە سیاسیەکان هەر لە قاوغی خۆیاندان و هیچ ئاڵوگۆڕیان بەسەر نایی. ئەحزابی بنەماڵەیی و تەنانەت چەپیش هەر هەمان سەرکردەو ئەفرادەکانی سەرۆکایەتییان هەیە و هەموویان هەر بە ئاوازی کۆن دەخوینن.
زانستی سیاسی لە دونیای ئەمرۆ یانی لەدەست نەدانی فرسەت و کاری پێویست لە شوێن و کاتی پێویستدا.
ووڵات بە بەشی هۆشیاری کۆمەڵگا دەبێ ڕەوڕەوەی بگۆڕێ. دونیای ئێستا زۆر لەم هۆیانەی فەراهەم کردووە بۆ چاککردنی کۆمەڵگاو گۆڕانی کەلتوور. کەلتووری کەمایەتیەکی ئۆپۆرتۆنیست هەر دەمێنێ،

ئەمەش بەشێ لە کەلتووری کۆمەڵگا و لە هەموو کاتێکدا هەیە. ماستاو چیەکانی بەرەی چەپ لە بەرەی ڕاست خراپترن.
ئەگەرچی بەم ڕابەرایەتیەی ئێستا لە کۆمەڵگای کوردستان بە چەپ و ڕاست هەیەتی ناتوانێ هەوڵی گەشەی هەمەلایەنەی کەلتوور بدات و خالی وەرچەرخان دیاری بکات و بڵێ ئەمە یە خاڵی نوێی ئێمەو لە ئاستی کۆمەڵایەتی ئەمانە دەکەینە بنەماکانمان. بەداخەوە بزوتنەوەی چەپ لەم نێوەدا نەیتوانیوە وەکو پێویست ڕۆڵی سەرەکی لە گۆڕینی کۆمەڵگاوە هەبێ.
هەتا لە بۆ گشت بچین هەردەبێ بۆ تایبەت بێینەوە یان پێچەوانە. هاوڕێیەک دەڵێ باوەڕ بەوە دەکەم کە دەیبینم، کاتێ کە دەیبینم باوەڕ دەکەم.
گۆڕانی کەلتوور کاتێکی زۆری دەوێ و هەناسەیەکی درێژی دەوێ، ئەوکاتەش درەنگە و تەمەنی مرۆڤ کورتە بەرامبەر بە ئاڵوگۆڕەکان تەنها لە شۆرش دانەبێ مارکس دەڵێ شۆرش ئەو ڕۆژانەن کە سەدساڵ لەخۆ دەگرن. ئەم ڕۆژانەش بەم پێشمەرجانە ی ئیستا لە کوردستان هیچ بنەمایەکی زانستییان نیە. تەنانەت ئەم شۆڕشەش لە پێناسەی ئەمرۆ مانایەکی تری هەیە. خۆزگە ئەمەش بۆ هاوڕێیانی چەپ لە وولاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەندا ڕوون دەبوو، ئەمەش قوربانیەکانی کەلتووری پارتە چەپە کانن. بۆیە بۆ گۆڕانی کەلتوور ئەوەنیە سەبری ئەیوبیت هەبێ، بەڵکو کار و تەرحی عەمەلی دەوێ هەر ئەمڕۆ دەمانەوێ گۆڕانەکان لە کۆمەڵگادا بکەین ، بۆ ئەمرۆی کوردستان باشترین ڕێگا بۆ گۆڕانی کەلتوور مۆدێلێکی ڕیفۆرم لە دەروونی کۆمەڵگا پێ ویستە و دەکرێ داواکاریە گشتیەکان بکاتە تەوەرەی خۆی ئەوکات دەکرێ بەر بە توندو تیژی بەرامبەر بەری پێ بگیرێ. چونکە هیچ حزبێکی لە دەسەڵات بە چەپ و ڕاستیەوە( لە ڕۆژهەلاتی ناوەندا هەر چەند دیموکراتیش بێ) نیە لە کاتی دژایەتی کردن دا دەست بۆ سەرکوت نەبات. ئەمەش خۆی لە خۆیدا کەلتوورێکی سیاسی ناوچەکەیە و دەبێ سەرەوژێر ببێتەوە. هەوڵدان بۆ یاسایی بوونەوەی کۆمەڵگاو گەشەدان بە ڕیفۆرم بۆ ئێستای کوردستان سەرەتای کەلتووری سیاسی نوێیە. پێم وایە ئەمڕۆ دەتوانێ باشترین هێز لە خۆی بگرێ.

هۆلەند 2007